سەيد حەكيم داوا لەسەركردەكانى ئافرەتان دەكات مەشق بكەن و كاريگەريان بۆ سەركۆمەڵگا زياتر بكەن

بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت و سەرۆكى ڕەوتى حيكمەى نيشتمانى چاوى كەوت بە كۆمەڵێك سەركردە ئافرەتەكانى ڕێكخستنەكانى ڕەوتى حيكمەى نيشتمانى لەپارێزگاى واسيت و سەرەتا پرسەى خۆى ئاراستە كردن بەبۆنەى يادى كۆچى دوايى پێغەمبەرى مەزن (د خ) لەسەر بێت و باسى كاروانى ژيانى كرد كە پڕبووە لە مەينەتى ئەويش دوايين پێغەمبەر بووە، هەروەها باسى ئۆقرە گرتنى كرد بەرامبەر ئەو كارانەى بەرامبەرى دەكرا كاتێك بەئامانج دەگيرا.

.سەماحەتى بەرپرسياريتى ڕوونكردنەوەى هەڵوێستەكان و گەڕانەوەى گومانەكانى خستە ئەستۆى ڕۆڵەكانى ڕەوتى حيكمە و گوتى ڕوونكردنەوە ئەركێكى سەرەكييە لە جووڵەى مر□ق و پرۆژەكان و چاكسازييە گەورەكان و ستايشى رۆڵى سەركردەكانى ئافرەتانى رەوتى حيكمەى كرد بەهۆى كارى دەزگايانەى ڕێكوپێكيان.

بەڕێز حەكيم داواى ڕاهێنان و پەرەپێدانى بەردەوام و ڕاسپاردنى ئەركەكان و پێدانى دەرفەت بە ژنانى شايستە و جەختى لە گرنگى كاريگەرى لە كۆمەڵگادا كردەوە و كاريگەريى بە مەرجى سەركردا□□تى زانى، بەو پێيەى هيچ سەركردا□□تييەكى بێ كاريگەرى نييە..

سەبارەت بە بارودۆخى ناوچەكەش، بەرێز سەيد حەكيم ئاماژەى بەوەدا ك□ ش□□□ى بەردەوام سێبەرێكى خستۆتە سەر عێراق، بەو پێيەى لە ئەنجامى وەستانى هەناردەكردنى نەوت بەدەست قەيرانى داراييەوە دەناڵێنێت، جەختى لەسەر پ□و□يستى وەبەرهێنان لەم قەيرانەدا كردەوە بۆ كاركردن بۆ هەمەچەشنكردنى سەرچاوەكانى داهات جگە لە هەمەچەشنكردنى شوێنەكانى هەناردەكردنى نەوت، داواى بەردەوامبوونى هەڵمەتى دژە گەندەڵى كرد، لەگەڵ گرنگى گرنگيدان و تيشك خستنە سەر دۆسێيە گەورەكان.
..
لەكۆتاييدا سەماحەتى جەختى كردەوە لەسەر يەكڕيزى چوارچێوەى هەماهەنگى و پ□و□يستى تەشريع كردنى ياساى نوێ كە پەيوەست بێت بە هاولاتيان و پێداويستييەكانيان لەم دۆخە ئابوورييە سەختەدا.